www.kurdistannet.org
16-10-2006 7:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕابەری خۆفرۆش... گەلی ستەمدیدە ... ئاسۆ ئەسعەد محەمەد

2006-9-21

زمانی دیبلۆماسی بە پێشەوە بردنی پەندێکی پێشینانە کە گوتویانە " ناکرێ لەگەڵ جوتیار لاتین بدوێی "، پەرلەمانی ئەوروپی بەرهەمی بەرنامەی ماریشاڵە ئەمەریکیەکان ولاتانی هاوپەیمانی ئەڵمانیای ناشیۆناڵ سۆشیالست و هتلەریان جارێکی تر ڕێکخستەوە بە هەمان زنجیرەی پێشوو، وەهەندێ وولاتی تری پەرلەمانتاریان لەگەڵ دا تواندەوە لە قەوارەی " ناتۆ"، گلاسنۆست و بیرسترۆیکای ڕوسیش پرۆسەیەکە بۆ زیاتر سەپاندنی سۆپەرمانیەتی نەژادی سپی پێست تاکە کۆمەڵگا و شایەن بە مافی مرۆڤ جیا لە ڕەگەزەکانی تر.
هەیە؟؟ گەل و نەتەوە فرۆشی بابەتی ئەوەی پێی دەگوترێ هێزەکانی ئازادیخواهی کورد، بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەنرخێکی کەم بێدەنگیان لە تاوانی قڕکردنی کورد کرد لە سوید 1989 پارەکەشیان لە لایەن سۆشیال دیموکراتەکانەوە پێدرا، دواییش گرێ بەستەکە لە لەندەن لە سەر خوانی ئەمەریکیەکان تەواو بکەن لە ناپاکیەتی بێ وێنە و هاوتا، ئەوەی ئەمرۆ پێی دەگوترێ بۆرژوای کوردی لە خزمەتی خزمەت کاری نازیزم دا، ئەڵمانیا پاڵپشتی سەرەکی ڕژێمی سەدام حوسەین بە چەکی کیمیاوی، لەگەڵ ئەوانیش وولاتانی تری پەرلەمانی ئەوروپی شان بە شانی بەشدارن لە تاوانی جینۆسایدی کورد هەروەك چۆن لە هۆلۆکۆست، خاچی سوور و ئەوەی پێی دەگوترێ کۆمەلانی مافی مرۆڤ ئەمرۆ هەمان!! لاری و دەرچونی نیە سسیستەمی پەرلەمانتاری فەرەنگی گەڕایەوە سەر فیتی جارانی لە کۆکوژی تیرۆر لە ڕێگای باوەڕ پێکراو وە وابەستەکانی نمونەی بەعسیەکان کە مێژوی ڕامیاریان لە نازیزمەوە سەرچاوە دەگرێ ( (دەوڵەتی ڕەگەز پەرستی سپی پێست لەسەر خاکی گەلانی ستەم دیدە بە پێی پرنسیبی جینۆساید و پەیرەوی پێداویستەکانی) گەلێکی دیکەی ئاسیایی دەست بژێر کرا کە نوێنەری نیە لەوەی پێی دەگوترێ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەك چۆن جولەکەکان نوێنەریان نەبوو لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، پێویستە بە گژدا چونی ئەم هزرە فاشیزمە پەنا بە فەلسەفەی مەتریالزمی ئاسیایی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سکۆلار بەرامبەر بەوەی کە پێی دەگوترێ مەتریالیزمی گریکی وەك تاکە چارەسەر، تەپ و تۆزی لێ بتەکێنرێ و زیندوبکرێتەوە، کە دوهەمیان بەرژەوەندی و تاکتیك بنەمایەتی، ڕێچکە تەنها بە بەر چاو چنۆکی و خود پەرستی هەردەم لە تۆنێلێکی تاریك و داخراو، یاسا بوونی نیە دور لە شارستانیەت و مرۆڤایەتی.